کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-10-2007 4:10بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**لەجیاتی هەڕەشەکردن لە یەکتر بزانین چۆن گەلی کورد لەو قەیرانە ڕزگار بکەین بە کەمترین زەرەر!!! ... باوکی شازاد**

سەرکردە سیاسیەکانی هەر وولاتێک بەر پرسن بەرامبەر بە هاوولاتیەکانی خۆیان بەرامبەر هەر هەنگاوێکی باش یان خراپ کە دووچاری گەلەکەیان دەبێتەوە، هەر ئەوانن دەتوانن بەرەو ئاسۆیەکی ڕونیان ببەن، یاخود تووشی سەرگەردانیان بکەن و نەیەلن خێرو خۆشی لەژیانیان ببینین، هەر ئەوانن خەڵکی شۆڕشگێڕ دروست دەکەن لە ڕیگای سیاسەتی شۆڕشگێری حیزبەکانیان، هەر ئەوانیشن دەبن بە هۆی ئەوەی زۆر کەسی پاک و نیشتمانپەروەر لە سەر سکەی خۆی لابدات و توشی کاری ناشیاو ببێت، بەڵام هەر ناوچەیەک وهەر وولاتیک تایبەتمەندی خۆی هەیەو هەر نەتەوەو میللەتێکیش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە چۆنیەتی پەیڕەو کردنی شێوەی خەبات و شەڕو پێشکە شکردنی خزمەتگوزاریەکان، بە پێی جۆری کەژ و ئاوو هەواو شێوەی خاک و شێوەکانی گەیاندن لەو وولاتە، هەردەم دەبێ ئەو سیاسەتمەدارانە جەماوەر پشتگیریان لێ بکات بۆ گەیشتن بە دەرگای وونبو و داخراو و دابین کردنی نان و ئاسایش وسەرکەوتن، بۆئەوەی هەردەم نوی کردنەوە هەبێت لە ناو ڕیزی ئەو حیزبە سیاسیانە پێویستە گۆڕانکاری هەبێت نابی ببێت بە هۆی ئەوەی هەندێ کەس هەتا ماون سەر کردەبن و بە سەرکردایەتی بمرن، هەندێ کەسیس هەرچەندە زیرەک و لێهاتو بن نەتوانن سەرکەون بۆ پلەو پایەی بەرز تەنها لەبەر ئەوەی دەستەی دامەزرێنەر نین و لە جیلی کۆن نین، پێویستە لەسەر بنەمای دیموکراتیەت مەجال بدرێت بە جیلی نوی ئەوانیش بونی خۆیان بسەلمینن تاکو بەپێی داواکاری سەردەم پێشکەوتن بەدەست بێنن ولەگەڵ کۆمەلانی خەڵک لەسەر یەک هێڵی ڕاست ڕێ بکەن و زۆر لەیەکتر دوور نەکەونەوە، بۆ ئەوەی نەبێت بەهۆی پەیدا بونی دووبەرەکی و لە یەک ترازان، کە ئەو کارەش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کار دەکاتە سەر سیاسەتی سەرەکردەکان ئەگەر کەموو کورتیان هەبوو ئەوە خۆیان ڕاست دەکەنەوەو ئاکامەکەی باش دەبێت، ئەو کەموو کورتیانە پڕ دەبێتەوە، بە مەرجێک لێکتێگەیشتن هەبێت، نەبێت بە هۆی پەیدا بونی سەر ئێشە بۆ خەڵک و دروست بونی ناکۆکی گەورەو نانەوەی تۆی دوبەرەکی لە نیوان هاوولاتیان گەر قبوڵی یەکترمان هەبێت شتی واش ڕوو نادات، ئەوەی کەباسی دەکەم هەر هەمومان بە چاوی خۆمان دیتمان، بەداخەوە ئێمەی کوردی باشور بە خراپترین شێوە بەو ئەزمونە دا تێپەڕمان کرد، لێشمان دیارە زەرییەکەی چەند گەورەبوو بە هەزاران کەسمان لە یەکتر کوشت و بەهەزاران ژن بێوەژن بونەوە، منالێکی زۆریش بێ باوک مانەوە لە کوردستان وە توشی سەرگەردانی بوون، بگرە زۆریان لەبەر بێ باوکی نەیانتوانی خوێندن تەواو بکەن و کەوتنە سەر شەقامەکان و دواڕۆژێکی سەرکەوتویان نەبوو، ئەگەر بێت و سەرژمێریەک بکەین بە ناو بنەماڵەی شەهیدەکانمان بە مەرجیک (ئەنفال و کیمیاباران وئیعدام) ەکانی لێ دربکەین، تەنها باسی ئەو شەهیدانە بکەین کە لە بەرەکانی جەنگ دژی دوژمنان شەهید کراون دەبینین بەداخەوە شەڕی براکوژی بەشی شیری بەر کەوتوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تورەیی و لەیەکتر تێنەگەیشتنی سەرانی کورد، واتە بە کوردیەکەی خاوەنی سیاسەتمەداری فاشیل بوین کە نەیان زانی چۆن کارەکان ببەن بەڕێوە، ئەوەی کە پێویست بوو خۆبەخۆیی بیکەین و بەزەییمان بە دیلەکانی یەکتر بێتەوە، بەداخەوە ئەو کارەمان لە گەڵ دوژمنان کرد زۆر بە ڕیزەوە هەڵس و کەوتمان لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان دەکرد کاتێک کە بەدیلی دەکەوتنە دەستمان، بەڵام بەرامبەر بە یەکتر بەو پەڕی دڕندایەتی هەڵس و کەوتمان لە گەڵ برا پێشمەرگەکانی خۆمان کرد زۆر بە پەلە دیلەکان لەناو دەبران بەناشیرین ترین شیوە تەرمەکانیان دەشیوێندرا و سوکایەتیان پێ دەکرا هەروەکوو دوو دوژمنی سەر سەخت مامەلەمان لە گەڵ یەکتر دەکرد، لەوەتی کورد هەیە ماڵی کەسی تالان نەکردوە بەڵام خۆمان ماڵی یەکتریمان تالان کرد لەکاتی شکانی هەرلایەک لەیەکەی تر ماڵی ئەوی تری بۆ خۆی حەڵاڵ دەکردو سەیارەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەهێنا بەبەر دەرگایماڵی خەڵکی هاڵاتووی وەدەناو پڕی دەکرد، بە نویژی نیوەڕۆ بەبی ئەوەی شەرم لە خۆیان بکەن، هەر ئەوەندە مابوو وەکو سەردەمی شەڕی ئیسلامەکان ژنەکانیشیان بۆخۆیان حەڵال بکەن، بەکۆمەڵ دیلەکانیان دەهێناو بە شێوەی دوژمنەکان هەڵس و کەوتیان لە گەڵ دەکردن، کارێکی وایان کرد هەتا ئێستا ئەوە بۆ نزیکەی 10 ساڵ دەچێت شەڕەکان وەستاون بە سەدان کۆبونەوە کراوە لە نێوان هەردوو لا نەیان توانیوە برینەکان ساریژ بکەن وە پییان ناکرێت قەناعەت بە خەڵکانی خۆیان و کوردستان بێنن کە بەڕاستی ئەوان پێک هاتونەتەوە لەبەر ئەوەی کە باسی بەرژەوەندی گشتی دەکەن خەڵک باوەریان پێ ناکات چۆن ئەوانەو بەرژەوەندی گشتی (کوجا مەرحەبا) کارە قێزە ونەکانیان هێشتا لەبیر خەڵک نەچۆتەوە لە جیاتی پێکهاتنەوە وەکوو سەددام لێبوردنیان دەر دەکرد لە جیاتی ڕێز گرتن لە پیاو ماقولانی گەلەکەمان کە دەچون بۆ ئەوەی لێکیان نزیک بخەنەوە بێڕێزیان پی دەکردن، تەنها ڕیزیان لە ئەمریکیەکان گرت ئەویش لە ترساناو لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، وە ئێستا دان پیا دەنێن کە چوار بنکەی سەربازی تورک لە ناو خاکی کوردستانی ئێراق هەیە گوایە ئەویش بۆ ئەوەی چاودیری وەستانی شەڕ بکەن لەنێوان پارتی و یەکێتی، بەداخەوە هەتا ئێستاش دەبینین خەڵکانی وایان چاندوە لە ناوو دەستەو دائیرەکان و بەرپرسە حیزبیەکاندا کە بە هەمان نەفەسی کاتی خۆی کە ئامادەکاری دەکرا بۆ شەڕی براکوژی کارەکان بەڕێوە دەبەن هەروەک دەبینین کە لە شاری هەولێری بێنازو بریندارو ڕوتاوە دا هەستتی پێ دەکرێت، کە بەڕاستی لە هەولێریشەوە هەموو کێشەکان حەسم دەکرێن، دەبی کاربەدەستانی هەولێر چ حیزبی چ دەوڵەتی وایان لێ بکرێت بە تەواوی ئەو ئیتفاقیانە جێ بەجێ بکەن کە مۆر کراوە لە نێوان پارتی و یەکێتی، نابێت مەجالی کەس بدرێت بە مەزاجی خۆی هەڵس و کەوت بکات هەروەک دەیبینین لە جەنابی پاریزگار ڕودەدات ئەویش بە دەست لە پشت دانی هەندی کەسی دەست ڕۆیشتوو ئەوکارە ئەنجامدەدرێت، نابێ تۆڵەی بێ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی کە لە دهۆک و سلەیمانی هەیە لە خەڵکی هەولێر بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی تەنها هەولێر بوە کەوتۆتە ژێر ئەو حەملە گەورانەی شەڕی برا کوژی دەبێ ئەوان بەراورد لە نێوان دهۆک و سلێمانی بکەن لەبەر ئەوەی لەو دوو شارە شەڕی براکوژی ئاسەواری گەورەی نیە تەنها ئەوە نەبێت کە هەندێ کەس ئاوارەبونەو هەندیکیش کوژراون، بەڵام خەڵکی هەولێر خاپور کراون ماڵیان تاڵان کراوە ڕۆڵەیان کوژراوە شاریان دابەش کراوەو فرۆشراوە ئەوان ئێستا بونەتە بێگانە لە شاری خۆیان کاربەدەستان زۆربەی خەڵکی شارەکانی ترن، بەهیچ یاساو ڕێسایەک نابێت حیسابی خەڵکی هەولێر بەو شێوەیە بکرێت هەتا ئێستا نەتوانراوە فەرمانبەرانی دابڕاو بە هۆی شەڕی برا کوژی بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان بە بیانوی هیچ و پوچ یان بەلایەنی کەم ڕێگا بدەن خەڵک بۆ خۆی داوای خانەنشینی بکات بۆچی ئەو هەموو خزمەتە بە فیرۆ بچێت؟ کە ژیانی گەنجێەتی لی سەرف کراوە هەتا ئیستا نەیانتوانیوە کارە ئیداریەکان بۆ خەڵکی ئەو شارە جێ بەجێ بکەن، باشە خۆ تەمەنیش ناوەستێت؟ بەرەبەرە ئەو خەڵکە دەکەوێتە ناو تەمەنەوەو پیر دەبێت پێویستە بە جدی بیر لە خەڵکی شاری هەولێر بکرێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی ئاوارەی هەندەران بونەو کەس حیسابیان بۆ ناکات باشە بۆ؟ هێشتا لەو زگە ڕزگارمان نەبوە ئەوە مەسەلەی هێرشی کەمالیستە تورکەکانیشی هاتە سەر، کە بەڕاستی موشکیلەیەکی زۆر گەورەو ترسناکە، بۆیە دەبێ سەرکردەکانمان بەو پەڕی ووردیەوە هەڵس وکەوتی لە گەڵدا بکەن، ئەوجارەیان شەڕی برا کوژی نیە ئەوجارەیان ئەوان بەرپرسن لە دوارۆژی هەموو گەلی کوردستان، ئەوان ئێستا خاوەنی حکومەتی کوردستانن، دەبی وەکوو سەرکردەی دەوڵەتەکان کار بکەنو بیر بکەنەوە، هەرچی لە بەرژەوەندی کوردوو کوردستانە ئەوە بکەن، لەبەر ئەوەی هەر هەڵەیەکی بچوک کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، چ بەرامبەر بە دوژمنان چ بەرامبەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بە ڕۆڵەکانمان لە خەباتگێڕانی پارچەکانی تر، ئێمەش وەکوو هاووڵاتی کوردستان دەبێ مەجال بدەین بە سەرکردەکان ئەوەندە لەسەر دەستیان نەخوینین وهەر کاریکیان کرد یان چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنوسیان کرد بێین دابەزینە سەریان هەروەک ئێستا بە داخەوە ڕوودەدات، بەناشیرین ترین شێوە کۆڕ و کۆبونەوەو نوسینیان لەسەر بکەین بۆ شکاندنەوەیان، ئەوەندەی هەتا ئێستا ووتومانە زۆر بوە بەڵام ئایە ئەوەی بە قسەی ناشیرین و هەڕوگیف دەیکەین نابێت بە شیوەی لەسەر خۆییش بیکەین و تێیان بگەیەنین ئەو کارەتان باشەو ئەوەتان باش نیە، بۆ وینە (هەڤاڵ مام جەلال) و کاک (نێچیروان بارزانی) و ووتەبێژی هەرێمی کوردستان وحکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان ئاخافتنی باشیان کردوە بۆ ئەوەی ئاوێک بکەن بەسەر ئەو ئاگرە، ووتەکانیان لە دوو روانگە دەبینرێتەوە هەم وەکوو خاوەن ماڵ وهەم وەکوو بێلایەنیەک لەو قەیرانە هەر بۆ ئەوەی شەڕەکە دور بخەنەوە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچە ئاوەدانەکان، خوانەکات هەر کارەساتێک ڕوو بدات بەهەزاران خەڵکی سڤیل تیا ئەچێت، بەڵام ئەگەر شەڕەکە هەر لەو ناوچانە بێت کە گەریلاکانی لێیە ئەوە تەنها زەرەری گیانی شەڕوانانی لێ دەکەوێتەوە لەگەڵ هەندێک پشێوی لە گوندەکانی ناوچەکە وحکومەتی کوردستانیش لەو کاتانە دەتوانێت یارمەتی لێقەوماوەکان بدات، هیوادارین ئەوەش ڕوو نەدات، بەداخێکی گرانەوە هێشتا هیچ ڕووی نەداوە تەنها سەرکردەکان دەیانەوێت ڕەوشەکە تۆزێک خۆش بکەن بە هەندێ قسەی دیبلۆماتکارانە، کەچی دیارە یان ئێمە سەرمان لە سیاسەت دەرناچیت وەیان خۆمان لە گێلی دەدەین؟ یەکسەر دەست کراوە بە هێرشی ناڕەوا لەسەر بەرپرسانی حکومی و حیزبی لە کوردستانی باشور بە خائین و ترسنۆک ناوزەردیان دەکەین، باشە دە سەبرێک بگرن بزانن ئەوانە چی دەکەن؟ خۆ هەر قسەی ئەوان دەیخوات ئێمە هەر شتێک بکەین لە هەندێک کەسی دیاریکراوی ناو سایتەکانی ئینتەرنێت و ژورەکانی نێو پاڵتک زیاتر کەس نایخوێنێتەوە، بۆچونەکانی ناو سایتەکان زۆر بەزەحمەت دەگاتە دەست بەرپرسەکان، تەنها کۆمەڵیک خەڵکی ئاوارە لە هەندەران و هەندێ کەسی تریش لە ناوەوە ئیهتمامی پێ دەدەن کە ژمارەیان زۆر نیە، بەتایبەتی قسەی باش زۆر کەم دەگوازرێتەوە، بەڵام قسەی خراپ زۆر بە خێرایی دەگاتەوە خاوەنەکەی، وە کاردانەوەی خراپیشی دەبێت لە سەر خزم و کەسانمان لە ناوەوەی کوردستان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی یان لەسەر ئاستەکانی تر، بۆیە دەبێ لەو کات و ساتە هەستیارەدا، زۆر بە هێمنی و حەکیمانە مامەلە لەگەڵ ڕووداوەکان بکرێت، واز لە شێوازی هەڵچونی خیرا بێنین، دیالۆگ بکەین بە ڕێگای مەعقول چارەسەری موشکیلەکانمان بکەین، ڕێز لە بۆچونە سیاسیەکان بگرین و هانیان بدەین بۆ ئەوەی دوا ڕۆژێکی پڕشنگدار بۆ ڕۆڵەکانمان دەستەبەر بکەین، با دوژمنانمان هەڵە بکەن بەلکو بۆ ئیمە بە خیرو بەرەکەت دەگەڕێتەوە، نابی یەکتری سوکبکەین بۆ ئەوەی خەلکی ڕیزمان لێبگرن، با زۆر گرنگی بە شتە واڵاکان نەدەین لەبەر ئەوەی شتە گرنگەکان لە ژێرەوە ئەنجامدەدرێن و هەر لەوێشەوە سیاسەتی ڕاست و دروست بەدیار دەکەوێت قسەی ئاشکراو نەرم نواندن بۆ ئەوەیە کاتەکەی پێ بەسەر بەرین و ڕودانی کارەساتەکە دوا بکەوێت تاکوو زیاتر خەڵکی دونیای لێ ئاگادار بکەینەوە و ڕسوایان بکە ین، دەبێ تێگەیشتنمان بۆ ئەو جۆرە کارانە بەبی موناقەشە کردن بێت بۆ ئەوەی نەوەک لەنێوان ئەو بێنەو بەردەیەی ئێمەدا نهێنیەکان ئاشکرا ببن، پلانەکانمان پوچەڵ ببێتەوە کە داڕژراون لە لایەن سیاسەتمەدارەکانمان، ئێستا با کارەکان بەو ڕەوتە دا گوزەر بکات و لەو ئاستەنگیە ڕزگارمان ببێت هەتا ئێستا دوژمنان قەبولّی ئەوەیان نیە نوێنەری حکومەتی کوردستان بەشداری بکات لە دانوساندنەکان لە گەڵ حکومەتی ئیراق، با جارێ بە شێوەیەکی عەمەلی کارەکان ئەنجام بدرین ئینجا سەیری ئەنجامەکان دەکەین ئەگەر توانیبویان نیشانەکان بە تەواوی بپێکن ئەوە پێیان دەڵێین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەستتان خۆش، خۆ ئەگەر هەڵەیان تیا کردبوو ئەوە ڕەخنەیان لی دەگرین و دەبێ خۆیان چاک بکەنەوە، بۆ وێنە (بەشار ئەسەد) ی سەرۆکی سوریا لە لێدوانە ڕۆژنامەوانیەکەیدا لە گەڵ (عەبدولا گوڵ) ی سەرۆکی کۆماری تورکیا چەند هەڵەیەکی گەورەی کرد بەتایبەتی کە ووتی مافی خۆیەتی تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان لە ناو خاکی ئێراق ڕاوەدوی هێزەکانی پەکەکە بنێت، کە بە زمانی عەرەبی قسەکەی کرد کەس موتەرجیم نەبوو، بەڵام یەکسەر وەزیری ڕۆشنبیری سوریا ووتی ئەو قسەیە بە هەڵە تەرجومە کراوە سەرۆک وای نەوتوە، هەر ئەوەش بوو ڕۆژی دوایی بەشار ئەسەد بە خۆی پەشیمان بووەوە لەو قسەیە ووتی من دەڵێم دەبێ پێش شەڕ کردن محاولە سیاسیەکان بکرێن بۆ دیتنەوەی چارەسەری ئاشتیانە بۆ ئەو مەسەلەیە، وە هەر دوا بەدوای ئەوان (وەلید الموعەلیم) وەزیری دەرەوەی سوریا ئینکاری ئەوەی کرد کە سەرۆکی سوریا قسەی وای کردبێت، پاس ئەوەی سەفەرەکەی خۆی بڕی و بە تەنیا گەڕایەوە، بزانن دەبێ ئاوا کە یەکێکمان هەڵەمان کرد یەکسەر بەدوای هەڵەکەمان دا بچینەوە، بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد وانین ئەگەر هەستیشمان بە هەڵەکانمان کرد شەرممان بە خۆیە بێن لە هەمان شوێنی کە شتەکەی لێ نوسراوە یان قسەکەی لێکراوە داوای لێبوردن بکەین وادەزانین ئەوەیە کاری ڕاست و دروست پیاو خۆی لەگێلی بدات، هەر ماوەیەکی کورتەو لەبیر دەچێتەوە، نازانین ئەوە دەبێت بە بنەمایەک بۆ ئەوەی نەوە کانیشمان فێری ئەو سەخڵەتە خراپە ببن، منیش دەزانم هەمومان دڵمان بە ڕۆڵەکانمان وەیە لە ناو خەباتگێڕانی پەکەکەو پەژاک، بەڵام ئایە کامەڕێگا باشترە؟ بە گەریلاکانی پەکەکە بڵێین کوردستان جی بهێڵن بۆ ئەوەی کار لەکار نەترازێت و شەڕەکە نەکەوێتە ناو هەرێمی کوردستان تاکو ئەو دەسکەوتە سیاسیانەمان لەکیس نەچێت و خەڵک بەهیلاک نەچێت!!!!یان پییان بڵێین وەرن ڕوحی ئێمەش لە گەڵ ئێوەو مەرگمان بە پێش مەرگتان کەوێت لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بارەگاکانتان بکەنەوەو بڕۆن بۆ ناو تورکیاو ئێران کاری خۆتان ئەنجام بدەن و وەرنەوە ماڵی براکانی خۆتان و منەتی هیچ کەس مەزانن؟ کامەیان باشترە خۆ ئەگەر وەکوو شێوەکەی یەکەم کار بکەین ئەوە دوژمن ناتوانێت لە خۆیەوە تەشقەڵەمان پێبکات هەموو دونیا سەر زەنشتیان دەکات، بەڵام ئەگەر شێوە عاتیفیەکە پەیڕەو بکەین ئەوە بە ماوەیەکی زۆر کەم ڕیسمان لێ دەبێتەوە بە خوری و کەسیش لەسەرمان نایەتە وەڵام، دەڵێن بابە کەی شتی وا بوە تۆ هێرش بکەیتە سەر ووڵاتێکی هاوسێ و دواییش بگەڕێتەوە ووڵاتێکی دراوسێ و بارەگای ئاشکرا بکەیتەوە، بۆیە دەبی ئێمەی کوردیش وەک و خەڵک فێری سیاسەت ببین مەرج نیە هەمووومان سەرمان لە کاری سیاسی دەربچێت با لەوانە بگەڕێین کە تەمەنی خۆیان تیا سەرف کردووە ئەزمونی بەهێزیان هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوان کە قسەیەک دەکەن لە سەرکەناڵێک ئاسمانی تەلەفزیۆنی یان ڕۆژنامەیەکی دیاری جیهانی، ئەو کارەی ئەوان کاریگەری خۆی دەبێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت جاری وا هەیە کاری باشی لێ دەکەوێتەوە خۆ جاری واش هەیە کاردانەوەی خراپی لێ دروست دەبێت کە دێکۆمینتەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر ئەو کەسە، ئینجا لەو کاتە خەڵکی سیاسی دیار دەکەوێت کە بتوانێت ڕونکردنەوەیەکی وا بدات بۆچونەکان بگۆڕێت و بە لایەکی تری دا بباتەوە، بێ ئەوەی پاساوی بێ بنەما بدۆزێتەوە لەو کاتەدا دەتوانین بڵێین خەڵکی سیاسەتمەدارمان هەیە، هەرچەندە گەلی کورد خەڵکی وای هەیە بەڵام هێشتا لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕناکات، هیوادارم شێوەی مامەڵەمان لە گەڵ یەکتری بگۆڕین بۆ ئەوەی هەمومان بەیەکەوە نەیەڵین بارو دۆخەکە لەوە زیاتر بشلەژێت، کورد پێویستی بە یەککگرتوویی هەیە دەبێ هەمولایەک بگات بە مافی ڕەوای خۆی جا چ درەنگ چ زوو، ئەوە پەیوەستە بە گۆرانکارە سیاسیەکانی هەرێمەکە ئەوەیە سیاسەتی ڕاست تۆ بتوانیت لە کات و ساتێکی وا کەسێکی وەکوو (تاریق هاشمی) قەناعەت پی بێنیت بە هۆی مامەلەیەکی سیاسی کە لە بەرژەوەندی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

عارەبی سوننە دابێت لە گەلی ڕێک بکەویت بۆ ئەوەی سەفەری تورکیا بکات و وەکو جێگری سەرۆکی کۆماری ئێراق سەردانی ئەو شەڕانگێزانە بکات و نەیەلێت کارەساتی دلتەزێن ڕوبدات، شتێکی ئاشکرایە کە مام جەلال ڕاستە سەرەک کۆماری ئێراقە بەلام لای دوژمنێکی وەکو تورکیا قسەی عارەبەکە باشتر دەیخوات، بۆیە من دەلێم لە ناو کوردانیش سیسەتمەدار هەیە، بەلام خۆ هەتا هەتایە مەسەلەی دۆزی کورد هەر وا نامینێینەوە دەبێ کۆمەلی نێو نەتەوەیی چارەسەرێک بۆ 40 ملیۆن ئینسان بدۆزێتەوە ئەگەرنا هەرگیز کەس نابینێت ئارامی لەو شوێنانە دروست ببێت کە زولمی تیا ئەنجام دەدرێت و مافی گەلێک پێشێل دەکرێت کە وولاتەکەی لە کاتی خۆی بەدەستی سەرانی سیاسی دونیا پچڕ پچڕ کراوە و توشی ئەو پاشا گەردانیەیان کردوین، تۆ بلێیت هەر کاریگەری (سەلاحەددینی ئەیوبی) لەسەر دەولەتە کریستانەکانی ئەوڕوپی مابێت ئاوایان لە کوردو کوردستان کرد بەو دەردەیان بردین، بۆ ئەوەی جارێکی تر بیر لەوە نەکەینەوە خۆمان بکەین بە پێش قافلەی خەلکی ترو لە جیاتی ئەوان شەڕ بکەین و خاکیان ئازاد بکەین؟ لەبەر ئەوەی دیارە ئەوانە باش نەفسیەتی کوردیان خوێندۆتەوە، کە هەر کاتێک ترسی لەسەر نەماو سەرکەوتنی بەدەست هێنا بیر لەکاری تر دەکاتەوە، هەر وەک دەبینین ئێستا بە دەیان کورد لە ناو گروپە تێرۆریستیەکان کاری تیکدەرانە دەکەن دژی خەلکی کوردستانو هاوپەیمانان بۆیە دەبی کورد گەرەنتیەکی وا بدات بە دەولەتەکانی جیهان کە جارێکی تر دژی بەرژەوەندی ئەوان ناوەستنەوە لە ناوچەکە، بە بۆچونی من ئەو ڕۆژەش نزیک بۆتەوە کە ببین بە جێی متمانەی ئەوان وە ڕۆژانی داهاتوش زیاتر ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە، سەرکەوتنیش هەر قابیلی خەلکی ستەم لێکراوو وولات پارچە پارچەکراوی وەکوو گەلی کوردستانە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.